پارتی کاندیدکردنی شاخەوان عەبدوڵا بە پێستی جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان ڕادەگەیەنێت

پارتی، شاخەوان عەبدوڵای وەک کاندید بە پێستی جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق دیاری کرد؛ هاوکات فەرهاد ئێتروشی کردە سەرۆکی فراکسیۆن.

لە کبوونەوەی ئەمڕۆ دووشەممە، 29ـی کانوونی یەکەمی 2025ـی فراکسیۆنی پارتی، بە سەرکایەتیی ئامینە زکری، ئەندامی مەکتەبی سیاسی؛ شاخەوان عەبدوڵا وەک کاندیدی پارتی بە پێستی جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق دیاری کرا، هاوکات فەرهاد ئێتروشی وەک سەرۆکی فراکسیۆنی حزبەکە دەستنیشان کرا.

شاخەوان عەبدوڵا بە جاری دووەمە بە پێستی جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان کاندید دەکرێت، بەو پێیەی لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی عێراقیش، ئەو پێستەی وەرگرتبوو.